## چەند زانیارییەک لە بارەی گەلەکسی پلەیەری سامسۆنگ



سامسۆنگ بە بەرهەمهێنانی گەلەکسییەکان چ مۆبایل، تەبلێت، یان پلەیەر بە جۆرێکی دیکە خۆی بە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێ ناساند، بەبەرگێکی نوێترەوە هاتەوە مەیدانەکە و ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی گەورەترین کۆمپانیای تەکنەلۆژیای سەردەم، واتە کۆمپانیای ئەپڵ وەك جددترین رکابەری خۆی سەیری بکات.

گەلەکسی پلایەری 5.8 ناوەکەی لە شاشەکەی خۆی وەرگرتووە کە سایزەکەی 5.8 ئینجە، ئەم سایزەش بۆ نیشاندانی وێنە و فیلم تا رادەیەك گونجاوە. 5.8 هەم وەك ئامێرێك بۆ نیشاندانی وێنە و فیلم و هەم بۆ خوێندنەوەی کتێبی دیجیتالی گرنگی خۆی هەیە، ئامێرێکە لە نێوان مۆبایل و تەبلێتدا. هاردی گالاکسییەکە 16 هەتا 32 گیگابایتە و جگەلەوەش شوێنێکیشی هەیە بۆ دانانی micoro SD، کامێرای پشتەوەی زۆر بەهێز نیە، چونکە تەنیا 3 مگاپیکسلە، کامێرای پێشەوەش بۆ پەیوەندییە ڤیدیۆییەکان زۆر باشە. دوو سپیکەری زۆر بەهێز لە خوارەوەی سەرەوەی شاشەکە دەبیندرێن. سیستەمی GPS هەیە و کێشەکەی 221 گرامە. دەکرێ بڵێین لە ریزی باشترین پلەیەرەکان دێن. واتە ئەو ئامێرانەی کە ئەرکیان بڵاوکردنەوەی فیلمی ڤیدیۆیی و فایلی مۆسیقییە.

## شەحنکەرەوەیەک و چەندین ئامێر




رەنگە گەورەترین کێشەی ئامێرە دیجیتالیەکانی وەك مۆبایل، تەبلێت، کامێرای دیجیتالی و لاپتۆپ.. تاد، کێشەی دابەزینی شەحنی باتری بێت، چونکە ماوەی مانەوەی شەحنی ئامێرە دیجیتالییەکان سنووردارە. هەربۆیە گەلێك لە بەکارهێنەرانی ئامێرە دیجیتالییە نوێییەکان بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە لە گشت و سەفەردان باتری دیکە لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن. لەم دواییەدا باتری پورتێبڵی شەحنکردنەوەی باتری ئامێرە دیجیتالییەکان پەرەی سەندووە، کە سایزەکەیان بەقەد هاندێکی مۆبایلە، ئەو شەحنکەرەوانە چەندین پۆرت و کەلێنی دانانی کێبڵی ئامێرە دیجیتالییەکانیان هەیە و لە کاتە پێویستییەکاندا زۆر سوودمەندن. نوێترین مۆدێلی باتری پۆرتێبڵ جۆری PBA3500ە. شەحنکەرەوەکە زۆر تەنکە و کێشی کەمە، بارستاییەکەی تەنیا 9 ملمە، هەموو ئەو ئامێرانە شەحن دەکاتەوە کە پێویستیان بە 5 ڤۆڵتیەیە، وەك تەبلێت، مۆبایل، کامێرای وێنەگری و فیلم هەڵگرتنەوە. ئەو شەحنکەرەوەیە شاشەیەکی هۆشمەندی لەسەرە بۆ دیاریکردنی رێژەی باترییەکە.

## بازنەیەکی هۆشمەند بۆ ئەرکەکان



کۆمپانیای Jawbone کۆمپانیایەکی ناسراوە لەبەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێ، بەتایبەتی تەکنەلۆژییا سەرسوڕهێنەرەکان! بەم دواییە بەرهەمێکی نوێی بڵاوکردەوە کە بریتییە لە بازنەیەکی هۆشمەند بەناوی UP و دەتوانێت سەرنجی بەکارهێنەرانی بۆلای خۆی ڕابکێشێت. ئەو بازنە هۆشمەندە سیستەمێکی زیرەکی لەسەرە کە دەتوانێت ئەرك و کاری رۆژانەی بەکارهێنەرەکەی بخاتە ژێرچاودێرییەوە. بازنە هۆشمەندەکە ئاو ناچێتە ناوییەوە و لەکاتی شۆردن و تەڕبوونیدا جێگای مەترسی نییە. شاشەیەکی بچووکی LED لەسەرە لەگەڵ هەستەوەرێك کە سیستەمی ڤێبرە (جولەر)ی هەیە و لە کاتە هەستیارەکاندا ئاگاداریی بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە. بازنە هۆشمەندەکە تەنیا دوگمەیەکی هەیە و باترییەکەی لە 80 خولەکدا شەحن دەبێتەوە و هەتا 10 رۆژ شەحنەکەی دانابەزێت. دیزاینێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و چەندین رەنگی جیاوازی هەیە. بەکارهێنەرانی



# لاپتۆپێکی بەهێز تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی

زۆرجار لەلاپەڕەی ئایتیدا ئاماژەم بەوەداوە کە گەمەی ئەلکترۆنی هەر تایبەت نییە بە تەمەنێکی دیاریکراو، وەك تەمەنی منداڵی و هەرزەکاری بگرە هی هەموو قۆناغێکن لە تەمەن و تەنانەت تەمەنی بەساڵداچوو و پیریش. هەر ڕۆژە ئامێرێکی نوێی تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی دێتە بەرهەم و یارییەکی نوێ بڵاودەکرێتەوە..

لەمرۆژانەدا کۆمپانیای asus نوێترین لاپتۆپی تایبەت بە گەمەی ئەلکترۆنی بەرهەم هێنا، ئەو تەبلێتە نوێیە کە بە جۆری Asus ROG G46VW ناسراوە شاشەیەکی 14 ئینجی هەیە، لەسەرەتادا لاپتۆپەکە هیچ سەرنجی بینەر بۆلای خۆی ڕاناکێشێ و وەك لاپتۆپێکی ئاسایی دەچێت، بەڵام تواناکانی لاپتۆپەکە لە بواری هاردویرەوە زۆر بەهێزە وەك: پرۆسیسەری زۆر خێرای لە جۆری Core i7، کارتی گرافیکی 2 گیگابایتی، باترییەکی زۆر بەهێز کە هەتا شەش کاتژمێر شەحنەکەی دانابەزێت، لە بواری دەنگەوە زۆر بەهێزە و هەروەها توانای resumeی دوو چرکەی و ستاندبای 14 ڕۆژی هەیە.

## ڕکابەرێک بۆ چاویلکەی هۆشمەندی گوگڵ



کۆمپانیای گوگڵ یەکەمین چاویلکەی هۆشمەندی لە جیهاندا هێنایە بەرهەم کە دەکرێت بەهۆیەوە سەیری سایتەکان بکەی و نوێترین زانیارییەکان لەسەر چاویلکەکە ببینی، لەکاتی خۆیدا زانیاری چڕمان سەبارەت بەو چاویلکەیە بڵاوکردبۆوە. ئێستاکە کۆمپانیای Vuzix نوێترین چاویلکەی هۆشمەندی بڵاوکردەوە کە وەك ڕکابەرێکی جدی بۆ چاویلکەکەی گوگڵ دێتە ژمار. چاویلکەکە لەگەڵ سیستەمی ئەندرۆید دەگونجێت. چاویلکە هۆشمەندەکە بە مۆدێلی M100 ناسراوە، لەگەڵ گشت مۆبایلێکی زیرەك دەگونجێت، ئەو فیلمانەی لەسەر شاشەی چاویلکەکە نیشان دەدرێن وەك تەلەڤزیۆنێکی 14 ئینجی وایە. ڕامی چاویلکەکە یەك گیگابایتە، هەروەها هاردەکەی 4 گیگابایتە. چاویلکەکە جگە لە نیشاندانی فیلم و وێنەکانی سەر مۆبایلەکان خۆیشی وێنە و فیلم بە کوالیتی P720 هەڵدەگرێتەوە.

بەشێك لە تواناکانی چاویلکەکە ئەمانەن، وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان، واتە ئەو پەیوەندییانەی بۆ مۆبایلەکە دێن، وێنە و فیلم هەڵگرتنەوە، گەڕان لە ئینتەرنێتدا، بەڕێکردنی کورتە پەیام (SMS) سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزاری گوگڵ ماپ. هەروەها سیستەمی GPSی لەسەرە بۆ زانیاری سەبارەت بە ڕێگاوبانەکان. مایکی چاویلکەکە دەتوانێت دەنگە زیادییەکان لابەرێت.

### ـــــــی ڕۆژانە

بازنەکە بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامەی کە لەسەر بازنەکەیە و پەیوەند دەدرێت بە مۆبایلە هۆشمەندەکان، دەتوانن کاتەکانی خەو و پشوودانیان دیاری بکەن، ڕێژەی کالۆری کەم کراوە لە ڕۆژدا لێکبدەنەوە، تەنانەت پرۆگرامەکانی تایبەت بە ڕێجێم گرتن و وەرزشیش بەو بازنە هۆشمەندە بسپێرن.



# سایتێک بۆ بەهێزکردنی تواناکانی مێشک

سـایتی http://www.lumosity.com/ سـایتێکی بە سـوودە و گرنگە، مەبەسـتی سەرەکیی سایتەکە ئەوەیە کە توانا شاراوەکانی مێشـکی مـرۆڤ دەربخات و بەهـۆی ئەو ڕاهێنانەی کە سـایتەکە ڕۆژانـە بۆت دیاری دەکات دەتوانیت تواناکانی زەین و بیرت بەرێیە سـەرێ، سـایتەکە بۆ ئەو کەسـانەی کە بە سـاڵداچوون و هەسـت بە مەترسی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە (ئالزهایمەر) دەکەن بە سوودە.

چوونە ناو سایتەکە ئاسانە و دوای ئەوەی کە چوویتە ناو سایتەکە فەرمانی Start Training دابگرە، دواتر سـایتەکە پرسیاری ئەوەت لێـدەکات کە نیازت هەیە تواناکانی مێشـکت لە چ بوارێکدا بەرێیە سـەرێ، پاشـی ئەوەی مەبەسـتەکەت هەڵبژارد، ڕاهێنانێکی چەندین مانگیت بـۆ دیاری دەکات، ئێوە دەبێت هەموو ڕۆژێ سەر لە سایتەکە بدەن، سایتەکە چەندین گەمەی ئاسـان کە 5 خولەك هەتا دە خولەك دەخایەنن بۆت دیاری دەکات کـە دەبێت ئەنجامیان بدەیت. بەڕێوەبەرانی سایتەکە ڕادەگەیەنـن کـە گـەر بە بەردەوامی ڕاهێنانەکان ئەنجام بدەن، دڵنیاتان دەکەینەوە 85% لە سـەدەی خانەکانی مێشکتان زیندوو دەبنەوە.

# مۆبایلەکەتان بکەن بە سینەما

مۆبایل بەرفرەترین و گشتگیرترین ئامێری دیجیتالی سەردەمە، تەنانەت لەم سەردەمەدا لە پێشەوەی کاتژمێری دەسـتیش دێت، لە سـەدەی ڕابردوودا کاتژمێری دەست کە زۆرترین ئامێری باو و سەردەم بوو، ئەمرۆ مۆبایل شـوێنی گرتۆتەوە، چونکە ئەم ئامێرە بچووکە زۆربەی ئەو ئەرکانەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا مەبەسـتییەتی ئەنجام دەدات، وەك پەیوەندی، وەرگرتنی زانیاری وەك ئینتەرنێت، خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەکان لەسەر مۆبایل، تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ...تاد. سایزی بچووکی مۆبایل و بە ئاسانهەڵگرتنی لایەنێکی ئیجابی ئەو ئامێرەیە، بەڵام سەیرکردنی فیلمی و وێنە لە مۆبایلدا ئەو چێژەی نییە کە لە تەلەڤزیۆندا دەیبینی.. بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتـە چەند تەکنەلۆژییەکیان بەرهـەم هێناوە، وەك پەیوەندیی نێوان مۆبایل و تەلەڤزیۆن بۆ ئەوەی کە فیلمەکان لەسـەر تەلەڤزیۆن ببینیت، یان وەك دانانی پرۆژکتۆر بۆ مۆبایل.. نوێترین ئامێریش کە ئەرکی نیشـاندانی فیلمی سـەر مۆبایلەکان ئەنجام دەدات لەلایەن دیزاینەرێکی تەکنەلۆژیای نوێ بەنـاوی Tristan daly هاتۆتە بەرهەم. ناوبراو هێشـتا ناوێکی لـە ئامێرەکەی خۆی نەناوە، بەڵام ئەرکی ئامێرەکە ئەوەیە کە وێنەی سـەر مۆبایلەکە بە سـایزێکی گەورەتر نیشان بدات، هەروەك لە وێنەکەدا دەبینن. مۆبایلەکان لە پشتەوەی ئامێرەکە دەخرێن و ئەوەی لەسەر مۆبایلەکە نیشـان دەدرێت لەسەر شاشەی ئەو ئامێرە بەگەورەیی دەبیندرێت.



# کەیس و کیبۆردی تایبەت بە مینی ئایپاد

کۆمپانیای Belkin بەم دواییە ئامرازێکی لاوەکی تایبەت بە مینی ئایپادی بەرهەمهێناوە کە ڕەنگە سـەرنجی زۆر لەوانەی کە مینـی ئایپاد بەکار دێنن ڕابکێشێ، ئامرازەکە بەناوی Portable Keyboard case for iPad mini واتـە (کەیس- کیبۆردی پۆرتێبڵ بۆ مینـی ئایپاد). ئامێرەکە دوو ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات، یەکەمیان تایب کردن بۆ مینی ئایپاد ئاسانتر دەکات و دووەم وەك کەیسێك مینی ئایپادەکە دەپارێزێت. دوگمەی کیبۆردەکە بەتەواوی لەمسین و بەجۆرێك داندراون کە تاییبیست کەمتر تووشی هەڵە بێت. هەروەها بـۆ کۆنترۆڵکردنی دوگمە تایبەتەکانی مۆسـیقی زۆر گرنگە. کیبۆردەکە بەهۆی سیسـتەمی بلوتوسـەوە لەگەڵ ئایپادەکە پەیوەند دەدرێت.





# سوکانێک بۆ دانی زانیاریی گرنگ لەبارەی ئۆتۆمبیلەکەتەوە

لەم دە ساڵەی دواییدا تاکو ئێستا ئۆتۆمبێلەکان گۆڕانکارییەکی زۆریان بەخۆوە دیوە، زۆربەی بەشـــەکانی ئۆتۆمبێل بوونەتە تەکنەلۆژیای دیجیتالی ســـەردەم.. دەشبۆردی ئۆتۆمبێل زۆربەی ئامێرە دیجیتالییەکانی وەکو، مۆبایل، تیڤی، مولتی میدیا..تاد لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. ســـوکانی ئۆتۆمبێلیـــش پێدەچێـــت چیدی بازنەیەك نەبێـــت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئۆتۆمبێـــل، بگرە زۆربەی زانیارییەکانی ســـەبارەت بە ئۆتۆمبێلەکە لە سوکانەدا نیشـــان دەدرێن، بۆ نموونە سوکانی Pe-formance ی کۆمپانیـــای BMW لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا زانیارییەکانی ســـەبارەت بە ڕێگاوبان، چۆنییەتی کارکردنی ئۆتۆمبێلەکە نیشـــان دەدات. لە سوکانەکەدا شاشەیەکی بچووکی OLED هەیە کە کەوتۆتە لای ســـەرەوە و جگە لەوەش چەندین شاشـــەی دیکەش لەم لاو لەولای ســـوکانەکە هەیە، لەسەر شاشەکەدا زانیاری سەبارەت بە سوتەمەنی ئۆتۆمبێلەکە و گەرمی ئاو و ڕۆنی ماشێن و خێرایی ئۆتۆمبێلەکە نیشان دەدات. هەروەها ئاگادارت دەکاتەوە کە کەی گێڕەکەی بگۆڕدرێت، سوکانەکە بۆ زۆربەی ئۆتۆمبێلە نوێیەکان دەگونجێت.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

چەند خوێنەرێك لەو پرســـیارانەی ئاراستەمان دەکەن باس لە گرفتێك دەکەن کە بۆ هەموو ئەوانەی کۆمپیوتەریان هەیە دێتە پێش. گرفتەکەیان ئەوەیە کە بۆچـــی ماوەیەکە خێرایـــی کۆمپیوتەرەکەیان دابەزیوە، ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆمپیوتەرەکە تووشـــی ڤایرۆس بـــووە؟ واتە ڤایـــرۆس خێرایی کۆمپیوتەرەکەی دابەزاندووە.

خوێنەرانـــی ئازیـــز، کـــورد گوتەنـــی دڕندە گۆشـــتخۆرەکان زۆرن بەڵام نـــاوی گورگ بەدە! ئـــەو هۆکارانەی دەبنە هـــۆی دابەزاندنی خێرایی کۆمپیوتـــەر گەلێکـــن، ڤایرۆســـیش یەکێکـــە لە هۆکارەکان، بەڵام هۆکاری سەرەکی نییە. لە سەدا نـــەوەدی گرفتەکانی کۆمپیوتـــەر پەیوەندییان بە ڤایرۆسەوە نییە، بگرە هۆکاری دیکەیە. دابەزاندنی پرۆگرام گەلێکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر کە بوونیان هیچ پێویســـت ناکات، ئێوە ئەگەر ئۆتۆمبێلێکتان هەبێت کە تەنیا شـــوێنی 4 کەس بێتەوە، بەڵام دە کەس ســـواری بێت، بێگومان خێرایی ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێـــت، کۆمپیوتەرێك لە یـــەك کاتدا چەندین پرۆگرامـــی ئەکتیفـــی لەســـەر بێـــت، خێرایی دادەبەزێت.

هۆکارێکی دیکەی دابەزینی سیستەم دەگەڕێتەوە بۆ بەهەڵە سڕینەوەی فایلە پێویستییەکانی سیستەم، بوونـــی دوو ئەنتـــی ڤایرۆس لەســـەر کۆمپیوتەر بەتەواوی خێرایی دادەبەزێنێت. گەمەی قورس کە لەگەڵ کارتی شاشـــەی کۆمپیوتەرەکە نەگونجێت هۆکارێکـــی دیکەیـــە. یەکتـــر نەخوێندنـــەوەی پارچەکانـــی کۆمپیوتەریـــش هۆکارێکی دیکەیە. کەوایە خوێنەرانی بەڕێز هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا نەبن بۆ ئەوەی کە کۆمپیوتەرەکەتان تووشی ڤایرۆس بووە و بەهۆیەوە خێرایی دابەزیوە. ڤایرۆسیش هۆکارێکە وەك هەموو ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێدان..



# گوگڵیش بە بەکارهێنەرانی رادەبوێرێت!

گوگل وەك یەکێك لە گەورە کۆمپانیاکانی جیهانی ئەنتەرنێت ناســـراوە، بەتایبەتی سایتەکەی کە ئەرکی دۆزینەوەی سایت و دەق و وێنە و فیلم..تاد بۆ بەکارهێنەرانی گەلێك ئاسان دەکاتەوە. لە ســـایتی گوگڵدا هـــەر بەتەنیا بەدواداگەڕان نییە، بگرە زۆر ئاســـانکاری دیکەش هەیە وەك هەر لەو ســـایتەدا باشـــترین ئامێری ژمێریار (حاســـبە) هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بنووسیت 2×2 ئەوکات حاســـیبەکەت بۆ دەکرێتەوە و دەتوانی ئەرکەکانی خۆت ڕاپەڕێنیت. جار هەیە گوگڵ بە بەکارهێنەرانی ڕادەبوێرێت، نوێترین ڕابواردنی گوگڵ ئەمەیە: ئەگەر دەســـتەواژەی zerg rush لە گوگڵدا بنووســـی پاش ئەوەی بابەتەکانی تایبەت بەم دەستەواژەیە دەبینێتەوە، لە ماوەی چەند چرکەیەکدا پیتەکانی (O) گوگڵ دەســـت دەکەن بە جوڵە و هەموو ئـــەو بابەتانەی دۆزیویەتەوە دەخوات!! پیتە (O)یەکان هەر زیاد دەبن و نووســـراوەکە دەســـڕنەوە! وەك گەمەیەکی ئەلکترۆنی دەچێت، ئایکۆنی ماوسەکەشـــت دەگۆڕدرێت و وەك هێمای + لێدێت و دەتوانی بە ماوســـەکەت بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم (O) زۆرخۆرانە بکەی، گەر یارییەکەشـــت دۆڕاند دوو پیتی G نیشـــان دەدرێن کە بەمانای دۆڕاندنە.